راپۆرتێک لەبارەی :

# گرفتی خراپی و نەشیاوی ناوەندەکانی خوێندن لە گەرمیان



یەکەی چاودێری
حکومەتی خۆجێی گەرمیان

کانونی دووەمی ٢٠٢٢

## پێشەکی:

بینا یەکێکە لە گرنگترین پێداویستیەکانی پرۆسەی خوێندن و پەروەردە، بەڵام لە گەرمیاندا بینای ناوەندەکانی خوێندن بەدەست زۆر گرفتەوە دەناڵێنن، کە بنەڕەتی ترینیان کۆنی و خراپییانە. ئەم کۆنی و خراپییە، وایکردوە چەندین لێکەوتەی جۆراوجۆری هەبێت لەسەر پرۆسەی خوێندن و پەروەردە لە سنورەکەدا، لێکەوتەکانیش کاریگەریی ماوە کورت و درێژ بەجێدەهێڵن. لەم راپۆرتەدا بە وردیی بەدواداچون بۆ ئەو پرسە کراوە، هەروەک لێکەوتە و کاریگەرییەکانیشی رون کراوەتەوە، هەڵسەنگاندنیش بۆ بەدەمەوەهاتنی حکومەت بۆ ئەم پرسە کراوە.

# بەشی یەکەم: راپۆرت

## یەکەم: قەبارەی کێشەی خراپی بینای قوتابخانەکان

### ١. ژمارەی ئەو قوتابخانانەی پێویستیان بە نۆژەنکردنەوەیە

بەڕێوبەری بەشی بیناسازی لە پەروەردەی گەرمیان دەڵێت: زۆربەی ناوەندەکانی خوێندن بیناکانیان پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە، ئەو بینایانەش لە سەنتەری شار و دەرەوەی شاریش دان.

تارا سائر شەفیق، بەڕێوبەری بەشی بیناسازی لە بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان وتی: لە سنوری بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی کەلار کۆی بیناکان پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە کە خۆی لە ٢٢٥ بینا دەبینێتەوە، لەو رێژەیەش ٥٠ بینایان زۆر پێویستن کە دەبێت نۆژەنیان بکەینەوە، لە سەنتەری شار و لە دەرەوەی شارن.

وتیشی: لە قەزای کفریش ٧٢ بینامان هەیە لەو رێژەیەش ١٦ بینای قوتابخانە پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە کە ١٠ دانەیان لە ناو شارە و ٦ لە دەرەوەی شارە، هاوکات لە قەزای خانەقینیش ٤ قوتابخانەمان پێویستی بە نۆژەن کردنەوەیە.

بەڕێوبەری بەشی بیناسازی لە بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان، هێمای بۆ ئەوەشکرد: هەمو ئەم بینایانە دەرخستەی بۆ کراوە و لە ئیدارەی گەرمیانە لەوێ تەندەرینی بۆ دەکرێت و لە ماوەیەکی کورتدا دەست پێدەکات، چونکە رێژەکەی زۆرە بۆیە لە رێگەی ئیدارەی گەرمیانەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەوانەی کەمن بۆ نمونە چەند بینایەک بێت ئەوە راستەوخۆ لە رێگەی بەشی بیناسازی پەروەردەوە ئەنجام دەدرێت.

سەبارەت بە بودجەی نۆژەنکردنەوەی بینای ناوەندەکانی خوێندن، بەڕێوبەری بەشی بیناسازی لە پەروەردەی گەرمیان باسی لەوەکرد: بودجەی نۆژەنکردنەوەی بینای ناوەندەکان لەسەر وەزارەتی پەروەردەیە.

بەرپرسانی پەروەردە جەخت لەوە دەکەنەوە بینای ناوەندیان نیە بەتەواوی داخرابێت، بەڵکو بەشێکی تەرک کراوە بەهۆی ئەوەی مەترسی روخانی لەسەرە. عەدالەت لەتیف، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار دەڵێت: بینامان نیە بە تەواوی چۆڵ کرابێت بەهۆی خراپی کوالێتیەوە، بەڵام هەمانە بە نیوەیی چۆڵکراوە، ئەوانیش: کوڵەجۆی زەنگاباد، بێکەس، زەماوەنگە، هۆرێن و بێلولە، بەشێکی ناوەندەکانی ناحیەی رزگاریش بەهەمان شێوەیە، ئەو بینایانەش کە زۆر خراپن مێژوەکانیان بۆ سالانی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی پێشو دەگەڕێتەوە.

بەڕێوبەری پەروەردەی کفری، جەختی کردەوە ئەوانیش بینایان نیە بە تەواوی چۆڵ کرابێت، بەڵکو بەشێکی لێ لەکار خراوە.

ئیسماعیل سەمین، وتیشی: بەتایبەت ٣ بینامان لە دەرەوەی شار هەیەکە مەترسی روخانی لەسەرە لە ئەگەری رێژەیەکی زۆری بارانبارین دا.

## ٢. بەراوردێک لەماوەی ٤ ساڵ دا

لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ دا، یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان یەکەم راپۆرتی بەدواداچونی خۆی لە بواری پەروەردەدا، تایبەت کردبو بە بینای ناوەندەکانی خوێندن. لەو راپۆرتەدا ئاماژە بەوەکرابو کە لە سنوری پەروەردەی گەرمیان دا (٨٥) بینا پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە (٧٠ لەکەلار و گوند و ناحیەکانی، ١٥ لە کفری و گوند و ناحیەکانی).

| پەروەردە | ژمارەی بینا | ژمارەی بینا کە پێویستی بە چاکسازییە | ژمارەی بینا کە زۆر پێویستی بە چاکسازیە |
|---|---|---|---|
| کەلار | ٢٢٥ | ١٧٥ | ٥٠ |
| کفری | ٧٢ | ٥٦ | ١٦ |
| خانەقین | ٤ | - | ٤ |

## ٣. خراپیی و نەشیاویی ژینگەی بەشێک لە ناوەندەکان

مامۆستایان باس لەوەدەکەن ژینگەی بەشێک لە ناوەندەکانی خوێندن لە روی کوالێتیەوە خراپەو لەبارنیە بۆ پرۆسەی خوێندن، ئەمەش سەرشێواوی دروست دەکات بۆ فێرخواز.
عوسمان سالح، ١١ ساڵە مامۆستایە لە قوتابخانەی رزگاریی بنەڕەتی لە قەزای کفری، وتی: پۆلەکانمان بچوک و کۆنن، بە جۆرێک ٥ پۆل ئەولاتر کە مامۆستایەک وانە شی ئەکاتەوە گوێت لێی ئەبێت، ٤٠ قوتابیش لە پۆلێکدایە بەهۆی خراپی دەرگا و پەنجەرەکانەوە وایکردوە سەرلێشێواوی دروست ببێت لە کاتی وانەکان و ژینگەکەی لەبار نیە بۆ تێگەشتن.
جەختی لەوەشکردەوە: بەشێکی زۆری ناوەندەکانی خوێندن بیناکەی لەگەڵ سیستەمی پەروەردەی سەردەم ناگونجێت، مامۆستاش ئەو پلانەی کە هەیەتی بۆ پەروەردە و فێرکردن زۆرجار ناتوانێت بەدڵی خۆی جێبەجێی بکات.

## ٤. کەمتەرخەمی لە نۆژەنکردنەوەدا هەیە

بەشێک لە بەڕێوبەری ناوەندەکانی خوێندن جەخت لە خراپی بینای ناوەندەکانیان دەکەنەوە کە کوالێتیان خراپ بوە پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە.
سیروان عەبدلعەزیز تالب، بەڕێوبەری ئامادەیی شەهید ئارام لە قەزای کەلار، باس لەوەدەکات لە ساڵی ٢٠١٨ لە ئەنجامی رودانی بومەلەرزە بەشێک لە سەقفی هۆڵی بیناکەیان روخاوە و بەشەکەی تری مەترسی روخانی لە سەر بوە، دواتر نۆژەن کراوەتەوە لەلایەن پەروەردەی کەلارەوە، بەڵام هێشتا پێویستی دیکەی ماوە لەبەر ئەوەی بیناکە کۆنە.
بەڕێوبەرێک دەڵێت، بۆ ماوەی ١١ ساڵە بەڕێوبەرە تا ئێستا بیناکەی نۆژەن نەکراوەتەوە، لە کاتێکدا زۆر پێویستی پێیەتی.
عوسمان رەحیم، بەڕێوبەری قوتابخانەی هیوای بنەڕەتی لە ناحیەی باوەنور، وتی: بینای ناوەندەکەمان لە ساڵی ٢٠٠٠ دروست کراوە، من ١١ ساڵە بەڕێوبەریم، پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە، چونکە چوارچێوەی دەرگاکانی خراپ بون ولێی بوەتەوە ئەگەری هەیە دەربچێت.
بەشێکە بینا قوتابخانەکان بەهۆی ئەوەی زۆر کۆنن نۆژەنکردنەوەیان گرفتەکانیان چارەسەر ناکات.
شێرکۆ رەفیق محەمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی زریانی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: بینای قوتابخانەکەمان لە ساڵی ١٩٨٨ەوە دروست کراوە و سێ دەوامی تێدا دەکرێت و نزیکەی ١٤٠٠ قوتابی هەیە، چەند جارێک نۆژەنکراوەتەوە بە بڕی جیاواز، بەڵام بەهۆی کۆنی بیناکەوە وەک خۆی لێهاتوەتەوە، بەتایبەت کارەباکەی کە هەموی لە ژێرەوە پچراوە و بەردەوام خراپ دەبێت.
«مێژوی بینای ناوەندەکەمان بۆ ساڵی ٢٠٠٠ دەگەڕێتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن کۆمپانیای نەوتی حەسیرە جارێک نۆژەنکراوەتەوە، لە ئێستاشدا بەهۆی زەوی لەرزەوە ٣ پۆلی تەرک کراوە و تێیدا ناخوێنرێت کە خۆی تەنها ٦ پۆلە، لیژنەشی بۆ پێکهێنراوە لەلایەن پەروەردەی کفرییەوە». لوقمان جەلال، بەڕێوبەری قوتابخانەی میل قاسمی بنەڕەتی لە ناحیەی سەرقەڵای سەر بە قەزای کفری وای وت.
وتیشی: زیاتر لە ١٠ جار نوسراومان کردوە بۆ پەروەردە و بەڕێوبەری ناحیە و کۆمپانیای نەوتی حەسیرەیش کردوە، هیچ چارەسەر نەکراوە، لە کاتێکدا تەنها ٥ بۆ ٦ ملیۆن دیناری تێدەچێت. بەڕێوبەرێک باس لەوە دەکات لەلایەن ئیدارەی گەرمیانەوە لیژنە هاتوەتە ناوەندەکەیان خەملاندنیان کردوە بۆ نۆژەنکردنەوەی بیناکەیان، بەڵام تائێستا هیچ بودجەیەک خەرج نەکراوە.
ئیبراهیم نەجمەدین، بەڕێوبەری قوتابخانەی ئەژینی بنەڕەتی لە قەزای کفری باس لەوە دەکات: مێژوی دروستکردنی قوتابخانەکەیان بۆ ساڵانی شەستەکان دەگەڕێتەوە، لە ٢٠١٣ نۆژەنکراوەتەوە، بۆ جارێکی تر ئیدارەی گەرمیانیش پێش مانگێک بڕیاریدا نۆژەن بکرێتەوە و لیژنەیەکی تایبەت سەردانی کردون و خەملاندنی بۆ کراوە و تەندەریشیان راکێشاوە و پارەشیان بۆ خەرج کردون کە ٢٠ ملیۆنی بۆ دەرچوە، بەڵام تاوەکو ئێستا خەرج نەکراوە.
دەشڵێت: سەقفی بیناکەمان دڵۆپە دەکات، روناکی خراپە، کوالێتی پەنجەرەکانی خراپە و گۆڕەپانەکەمان خراپە، ئەگەر بە باشی نۆژەنبکرێتەوە تاوەکو ١٠ ساڵی دیکەش کێشەمان نابێت.

## دوەم: لێکەوتەکانی خراپی بینای قوتابخانەکان

### ١. بەشێک لە ناوەندەکانی خوێندن بون بە سێ دەوامی

بەهۆی زۆری ڕێژەی قوتابی لە ناوەندەکانی خوێندن و کەمی پۆل و داخستنی هەندێک پۆلەوە بەهۆی خراپی بیناکەیان، بەشێک لە دەوامی ناوەندەکان بون بە سێ دەوامی.
عەدالەت لەتیف، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، دەڵێت: لە سنوری پەروەردەمـان دا ٧ قوتابخانەمان بوە بە ٣ دەوامی بەهۆی کەمی بینـاوە، ئەگەر بمانەوێت دەوام بکرێت بە یەک دەوامی ئەوە لانی کەم پێویستمان بە ٥٠ بینا دەبێت، چونکە ساڵانە ٢٥٠٠ بۆ ٣٠٠٠ فێرخواز زیاد ئەکات.

بەپێی ئامارێکی بەشـی پلاندانان لە بەڕێوبەرایەتی گشـتی پەروەردەی گەرمیان، ئەو بینانەی کە بون بە سـێ دەوامی لە سـنوری پەروەردەی قەزاکان بەمشێوەیە:-

| کەلار | کفری | خانەقین |
|---|---|---|
| ١١ | ١ | ١ |

هاوشێوەی کەلار، لە قەزای کفریش ژمارەیەک قوتابخانە کراونەتە سێ دەوامی.
ئیسماعیل سەمین، بەڕێوبەری پەروەردەی کفری، وتی: لە سنوری پەروەردەمان ٣ قوتابخانەمان بون بە سـێ دەوامی بەهۆی زۆری ڕێـژەی فێرخوازی عـەرەب، وەکو بینا پێویسـتمان بەبینای نوێ نیە، بەڵام بەشـێکی زۆری ناوەندەکانمان مێژوی دروست کردنیان کۆنــە و ئەگــەر بڕوخێنرێــن و دروســت بکرێنــەوە باشــترە، ئەو پێنــج بینایەی کە لە دروســت کردندایە تــەواو بکرێت ڕەنگە هەر پێویسـتمان نەبێـت، لەبەر ئەوەی ڕێژەیەکـی زۆری هاوڵاتیان لە سنورەکە کۆچ دەکەن ساڵانە ١٠٠ یان ٢٠٠ فێرخواز زیاد ئەکات.
دارا ئەحمەد سـەمین، بەڕێوبەری گشـتی پـەروەردەی گەرمیان، دەڵێت: بەلای کەمەوە پێویستمان بە ٤٥ بۆ ٥٠ بینای نوێ هەیە کە بۆمان دروست بکرێت، چونکە ساڵانە نزیکەی ٥ هەزار فێرخواز زیاد دەکات.



### ٢. بەهۆی کەمی هۆڵی خوێندن هەر پۆلێک ٢٠ خولەک دەخوێنێت

بەڕێوبەرێک جەخت لەوە دەکاتەوە بەهۆی زۆری ژمارەی فێرخواز و پۆلـەکان و کەمی ژمـارەی ژورەکانیانەوە، ناچارن ماوەی یەک وانە بکەن بە ٢٠ خولەک.
عەبدولقادر ئیبراهیم، بەڕێوبەری قوتابخانەی حەسـیرەی بنەڕەتی لـە ناحیەی سـەرقەڵا، وتی: لـە پۆلی ١ بۆ ٩مـان هەیە کە ٦٧ قوتابیـن، ناچاربوین بەهۆی کەمی ژور پۆلی ١و٢ تێکەڵ بکەین لەگـەڵ ٤ و٥، کـە هەر پۆلێکیان ٢٠ خولـەک دەخوێنن، ئەمەش کاریگـەری خراپـی هەبوە لەسـەر پرۆسـەی خوێنـدن. ئەمەش لەکاتێکدایـە ئەو گونـدە یەکێکە لە گونـدە «دەوڵەمەندەکانی» سـنوری گەرمیـان و یەکێک لـە بەرهەمترین کێڵگـە نەوتیەکانی گەرمیان لەوێدایە.

## ٣. خراپی بینای کاریگەری دەرونی خراپی لەسەر فێرخوازان بەجێهێشتوە

توێژەرێکی کۆمەڵایەتی جەخت لەوە دەکاتەوە کە خراپی کوالێتی بینای بەشێک لە ناوەندەکانی خوێندن لە گەرمیان کاریگەری دەرونی بەجێهێشتوە لەسەر فێرخوازان و تەنانەت مامۆستایانیش.

جوان محەمەد، توێژەی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەی پەژاری بنەڕەتی لە قەزای کەلار، وتی: کوالێتی بینا رۆڵێکی زۆری هەیە لەسەر دەرونی فێرخواز و تەنانەت مامۆستایانیش، چونکە زۆرجار ئەو بینایانە لە روی روناکی و دەرگا و پەنجەرە و ژورەکانیشەوە خراپن بە جۆرێک منداڵ وەک قەفەزێک ئەیبینێت.

وتیشی: بەشێکی بیناکان بەهۆی زەوی لەرزەوە درزی تێکەوتوە، ئەمە وایکردوە منداڵ بەردەوام ترسی روخانی ئەو پۆلە یان ئەو بینایە لە زهنیدا بێت و کاریگەری بکاتە سەرتێگەیشتنی لە وانەکانی.

ئەم ترسە، فێرخوازێکیش جەختی لێکردەوە.

حەوا محەمەد، فێرخواز لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی قانعی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: قوتابخانەکەمان زۆر کۆنە، هەمو پۆلەکانیش بەهۆی بومەلەرزەوە تێکچوە، هەمیشە ترسی روخانی ئەو بینایەمان لە دڵدایە.

بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، هاوڕایە لەسەر ئەوەی خراپی بیناکان لێکەوتەی زۆریان هەیە، بەڵام وەکخۆی دەیڵێت: خەمی ئێمە لێرە ئەوەیە کارەساتی لێنەکەوێتەوە.

## ٤. لێکەوتەکانی دیکە

خراپی بینای بەشێک لە قوتابخانەکان جگە لەو لێکەوتانەی باسکران، لێکەوتەی دیکەشی هەیە لەسەر بوارەکانی دیکەی خوێندن، لەوانە ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین لە خوارەوە.



### ١. گرنگی بەجێگەی ئاو خواردنەوە نادرێت

فێرخوازان نارەزایەتیان هەیە لە شوێنی تایبەت بە ئاو خواردنەوەیان لە ناوەندەکانی خوێندن بەتایبت ئەو ناوەندانەی کە بیناکانیان زۆر کۆنن و جێگەی بۆ تەرخان نەکراوە.

ئەحمەد سیامەند، قوتابی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی ماد لە گردەگۆزینە، دەڵێت: شوێنی ئاو خواردنەوەمان خراپە، لە بری ئەوەی شوێنێکمان بۆ دابنین بکەن و گونجاو بێت، شتێکیان داناوە وەک وشوێنی ئاو خواردنەوەی ئاژەڵ وەهایە!

مامۆستایانیش باس لەوەدەکەن کە ژینگەی بەشێک لە ناوەندەکانی خوێندن لە روی کوالێتیەوە خراپە و لەبارنیە بۆ پرۆسەی خوێندن، بە جۆرێک لە نێوپۆلەکاندا کە وانە دەخوێندرێت لە پۆلەکەی دیکە ئاگات لێی دەبێت، ئەمەش سەرلێشێواوی دروست دەکات بۆ فێرخواز.

عوسمان سالح، بۆماوەی ١١ ساڵە مامۆستایە لە قوتابخانەی (رزگاری)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری وتی: «ژینگەی قوتابخانە بینایە ئەگەر شیاو بێت بۆ پەروەردەکردنی قوتابی کە ئەچێتە ژورەوە ژینگەکەی باش بێت دڵخۆش دەبیت پێی، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر دەرونی فێرخواز و مامۆستایانیش بۆ پرۆسەی خوێندن».

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئێمە پۆلەکانمان بچوکە و کۆنە بە جۆرێک ٥ پۆل ئەولاتر کە مامۆستایەک وانە دەڵێتەوە گوێت لێی دەبێت، ٤٠ قوتابیش لە پۆلێکدایە.

جەختی لەوەشکردەوە: خراپی تەوالێتەکان و گۆرەپان و شوێنی دەست شۆردن و باخچەش گرفتی دیکەن کە لەلای ئێمە رێژەی سەوزایی سفرە.

بە هەمانشێوە، ئاسۆ عەلی، بۆ ماوەی ٩ ساڵە مامۆستایە لە قوتابخانەی (قانع)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: «کۆنی بینا کاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی خوێندن چ مامۆستایان و چ خوێندکاران، بینای ناوەندەکەی ئێمەش خۆی درزی تێکەوتوە بەهۆی کۆنی و بومەلەرزەش هات ئەوەنەی دیکە خراپتر، مێژوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ١٩٨٧، جارێکیش نۆژەن کراوەتەوە، بەڵام دیسان خراپ بوەتەوە و پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە بە هەمو شێوەیەک».

## ب. نەبون و خراپی یاریگا و گۆڕەپانی قوتابخانەکان دا

بەشێکی زۆری قوتابخانەکان بە دەست نەبون و خراپی گۆڕەپان و یارگاوە دەناڵێنن و ئەمەش ئاستەنگی زۆری بۆ دروستکردون.

سەرکەوت حەمەئەمین، بەڕێوبەری قوتابخانەی بڵندی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری، وتی: یاریگەی قوتابخانەکەمان خۆڵە و بەکەڵکی یاریکردن نایەت بەتایبەت لە زستان، چونکە دەبێتە قوڕ، فێرخوازیش بریندار بوە تێیدا بەتایبەت لە ساڵانی پێشوتر کە چواردەوری سیاج کرابو.

بەڕێوبەری قوتابخانەی حەسیرەی بنەڕەتی لە ناحیەی سەرقەڵا، عەبدولقادر ئیبراهیم، باسی لەوەکرد: یاریگامان نیە و گۆڕەپانێکی بچوکمان هەیە لە ناو قوتابخانەکە، بەڵام یاریگەیەکمان هەیە تارتانە و لە پێش ناوەندەکەیە هاوبەشە هەم بۆ خەڵکی لادێکە و هەم بۆ قوتابخانەش.

تەنها لە یەک قوتابخانەی سنوری کەلار ٤٧٣ قوتابی بۆ خراپی بیناکەیانەوە بێبەش بون لە یاریگای وەرزشی.

یەحیا رەحیم، بەڕێوبەری قوتابخانەی مادی بنەڕەتی لە گردەگۆزینەی سەر بە قەزای کەلار، وتی: ناوەندەکەمان جێگەی تایبەتی بە یاریگا نیە، بەڵکو لە گۆرەپانی ناوەندەکە کە زۆر بچوکە یاری ئەنجام دەدەن لە کاتیکدا ٤٧٣ فێرخوازمان هەیە ناچار بوین کردومانە بە ٢ دەوامەوە.

لە بەرامبەردا، عەدالەت لەتیف، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، دەڵێت: ئەو بینایانەی کە نوێن یاریگایان بۆ دروست کراوە، هەرچەندە پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە، بەڵام ئەوانەی کە کۆنن هەر نیانە یان کۆنکریتە یان خۆڵە، بۆیە پێویستە حکومەت چۆن بودجە بۆ بینا دابین دەکات ئەبێت ئاواش پارە بۆ یاریگا و نۆژەنکردنەوەی خەرج بکات.




## ت. کێشەی تەوالێت و دەستشۆر

تەوالێتی لە ناوەندەکانی خوێندن گرفتی مامۆستایان و فێرخوازانیشە، وەک خۆیان ئاماژەی پێدەکەن زۆر کۆن و خراپن.

«ئێمە ٢ تەوالێتمان هەیە بە کوڕان و کچانیشەوە کە ئەمەش زۆر کەمە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە، لەبەر ئەوەی زۆر شیاو نیە« . حەوا محەمەد، پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی قانعی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری، وای وت.

بەڕێوبەرانیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە گرفتی زۆریان هەیە لەگەڵ تەوالێتی ناوەندەکانیان.

سەرکەوت حەمە ئەمین، بەڕێوبەری قوتابخانەی بڵندی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری، وتی: ئێمە تەنها ٢ تەوالێتمان هەیە بۆ فێرخوازان ئەمەش زۆر کەمە، لەگەڵ ئەوەشدا کەمتر شیاون بۆ بەکارهێنان.

هاوکات، سیروان عەبدولعەزیز، بەڕێوبەری ئامادەیی شەهید ئارام لە قەزای کەلار، دەڵێت: تەوالێت و جێگەی دەستشۆری باشمان نییە پێویستە چاک بکرێت.

لە هەندێک لە ناوەندەکان بەهۆی زەوی لەرزەوە بەشێک لە ناوەندەکەیان تەرک کراوە، چونکە مەترسی روخانی هەیە، بەڕێوبەرێک باس لەوە دەکات بە فێرخوازان و مامۆستایانیشەوە یەک تەوالێتیان هەیە.

لوقمان جەلال، بەڕێوبەری قوتابخانەی میل قاسمی بنەڕەتی لە ناحیەی سەرقەڵا، وتی: تەواوی ناوەندەکەمان یەک تەوالێتمان هەیە ئەویش هی فێرخواز و مامۆستایانیشە، چونکە تەوالێتەکانی ناوەندەکەمان بەهۆی زەوی لەرزەوە تەرک کراوە، هاوکات شوێنی دەستشۆردنیشمان تەرک کردوە.

یەحیا رەحیم، بۆ ماوەی ٩ ساڵە بەڕێوبەری قوتابخانەی مادی بنەڕەتییە لە گردەگۆزینەی سەر بە قەزای کەلار دەڵێت: تەوالێتەکانمان زۆر خراپن، ٥ تەوالێتمان هەیە بە کوڕان و کچانەوە، خۆشمان خاوێنی ئەکەینەوە، چونکە کارگوزارمان نیە.

لە بەرامبەردا، عەدالەت لەتیف، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، دەڵێت: بێگومان ئاوەڕۆ و تەوالێتەکانمان خراپن و بەردەوام پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە و بودجە هەیە، ئەگەرچی بە بەردەوامی لە ڕێگەی خۆمان یان ڕێکخراوەکان یان پارەی فرۆشگاکان کارمان کردوە بۆ نۆژەنکردنەوەیان، بەڵام ئەمە بودجەی تایبەتی پێویستە.

### پ. نەبون و کەمی باخچە و روبەری سەوزایی

کەمـی و نەبونـی باخچـە و سـنورداریی رێـژەی سـەوزایی لـە ناوەندەکانـی خوێندن دا دیارەدەیەکی بەرچاوە، بەشـێوەیەک لە بەشێک لە ناوەندەکان وەک پێویست گرنگی نەدراوە بەم پرسە و کێشەی قوڵیان هەیە.

عوسـمان رەحیـم، بەڕێوبـەری قوتابخانـەی هیـوای بنەڕەتی لە ناحیـەی باوەنـور، دەڵێت: باخچەمـان نیە، بۆ ماوەی ٣ سـاڵە خەریکـی دروسـتکردنی باخچەیـن و خێرخوازانیـش هاوکارییان کردوین، کەچی هێشتا گونجاو نیە.

بەهەمـان شـێوە، بەڕێوبـەری قوتابخانـەی مـادی بنەڕەتـی لە گردەگۆزینە، دەڵێت: ناوەندەکەمان باخچەی نیە.

لەبەرامبەردا، ئیسـماعیل سـەمین، بەڕێوبەری پەروەردەی کفری، وتـی: یەکێک لە هۆکارەکانی کەمی باخچە لە ناوەندەکان نەبونی باخەوانە بەوهۆیەی دامەزراندن راگیراوە، کەسێکی تایبەتی دەوێت بۆ خزمەتکردنی باخچەکان، ئەگەرچی ئیدارەی ناوەندەکان بەشی خۆیان گرنگیان پێی داوە.

### ج. ئاماری پێداویستی ناو بینای قوتابخانەکان

| پێداویستی | کەلار ٢٢٥ قوتابخانە | کفری ٧٢ قوتابخانە |
|---|---|---|
| ئاوەڕۆی هەیە | ١١٢ | ٣٠ |
| پێویستی بە پۆلی زیاترە | ١٢٥ | ٥٨ |
| تۆڕی ئاوی خاوێنی هەیە | ١٩٢ | ٥٦ |
| فرۆشگای هەیە | ١٢٩ | ٤٤ |
| گۆڕەپانی وەرزشی هەیە | ١١٧ | ٤٢ |

## سێیەم: هەوڵی حکومەت لە چارەسەرکردنی کێشەی بینای خوێندن

### ١. حکومەت ملیارێک دیناری دیاریکردوە و چارەنوسی نادیارە

لەسـەردانەکەی سەرۆکی حکومەت بۆ گەرمیان لە مانگی ئەیلولی ٢٠٢١، بڕیاریـدا بە خەرج کردنی بڕی ١٦ ملیار دینار بۆ بەشـێک لـەو پرۆژانـەی کە راگیـراون لە سـنوری گەرمیـان، یەکێک لەو سـێکتەرانەی لەم پارەیە سودمەند بون، پەروەدە بو، ئەگەرچی چارەنوسی ئەو برە پارەیە دیار نیە.

عەدالەت لەتیف، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، دەڵێت: دوابەدوای بڕیارەکـەی ئەنجومەنی وەزیران کە بڕیاریدا بە خەرج کردنی بڕی ١٦ ملیار دینار بۆ بەشـێک لە پرۆژە راگیراوەکانی گەرمیان، بری زیاتـر لە ملیارێکی بەر پـەروەردە کەوتوە، بە جۆرێک ٤٥ بۆ ٥٠ قوتابخانـەی پێ نۆژەن دەکرێتەوە کە لەلایەن بەشـی بیناسـازی پـەروەردەی گەرمیانەوە دیاریکراون، هاوکات لەو برە پارەیە بری ٦٣٠ ملیـۆن دیناری بـۆ تەواوکردنی بینای قوتابخانەی کوڵەجۆی زەنگاباده.

ئیسـماعیل سـەمین، بەڕێوبەری پەروەردەی کفری، وتی: لەو برە پارەیەی کە تەرخان کراوە ١٦ قوتابخانەمان پێویستی تەواوی بە نۆژەنکردنەوە هەیە، بە لیست ئامادەمان کردوە.

«ئێمـە بەپێـی لیژنەی ئەندازیـاری دیاریمان کردوە و سـەردانی ناوەندەکانیـان کردوە لە کۆی بینـای قوتابخانەکان ٧٠ ناوەندیان دیاریکـردوە لـە سـەنتەری شـار و دەرەوەی شـار دا کە نۆژەن دەکرێنەوە، خەمڵاندنی پارەکەشی کراوە». دارا ئەحمەد سەمین، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان وا دەڵێت.

وتیشـی: هەرچی ئەوەی لیژنەکان دیاریان کردوە خەرج دەکرێت، بـەڵام دیار نیە لەو ١٦ ملیارەی کـە بڕیارە خەرج بکرێت چەندی بەر پەروەردە دەکەوێت، ئەو رێژەیەش کە دیاریکراوە پێویسـتیە و چەندین جاریش داوامان لە سـەروی خۆمان کردوە کە پێویستە بکرێت.

## ٢. پەروەردە: قەیرانی دارایی نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکانی ڕاگرتوە

قەیرانی دارایی نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکانی ڕاگرتوە و بەشێکی زۆری قوتابخانەکان پێویستی بە نۆژەنکردنەوەیە، ئەوەش بە وتەی بەرپرسانی پەروەردە.

عەدالەت لەتیف، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، دەڵێت: لە ساڵی ٢٠١٤ـەوە بەهۆی ئەو دۆخە داراییەی کە هاتە ئاراوە وە پێویست ناوەندەکانی خوێندن نۆژەنەکراونەتەوە، ئەگەرچی هەندێک ناوەندی کەم لە ڕوی ئاو و ئاوەڕۆوەپڕۆژەیان بۆ کراوە، بۆیە لە سنوری پەروەردەمان زۆر ناوەند پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە کە زیاترە لە ٧٠ ناوەند، لەگەڵ ئەوەشدا سەروی ٢٥ بۆ ٣٠ قوتابخانەمان هەیە پێویست دەکات بڕوخێنرێن و دروست بکرێنەوە.

وتیشی: سێ بینامان هەبو بەهۆی قەیرانی داراییەوە ڕاگیرابو، لە ماوەکانی ڕابردودا و لەکاتی سەردانەکەی سەرۆکی حکومەت داوامان لێکرد و دو بینامان بۆ تەواو کرا، لە ئێستادا تەنها یەک بینامان ماوە ئەویش ئەوەی کوڵەجۆی زەندئاباده.

بەهەمانشێوە، ئیسماعیل سەمین، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی کفری، وتی: ٧٠ قوتابخانەمان هەیە لەناوەوەی شار و دەرەوەی، هەموی پێویستی بە نۆژەنکردنەوەیە، بەتایبەتی ١٦ دانەیان.

وتیشی: لەو ڕێژەیەش نزیکەی ٤٠ قوتابخانەیان پێویست دەکات بڕوخێنرێن و سەرلەنوێ دروست بکرێنەوە کە هەندێکیان مێژوی دروستکردنیان بۆ ساڵانی چل و پەنجاکانی سەدەی پێشو دەگەڕێتەوە.



## ٣. داهاتی ناوەندەکانی خوێندن بۆ نۆژەنکردنەوە بەکارناهێنرێت

ناوەندەکانی خوێندن داهاتێکیان لە ڕێگەی بەکرێدانی «حانوت» فرۆشگاکانیانەوە بەدەست دەکەوێت، بەڵام ئەو داهاتە ناتوانرێت بۆ پرۆسەی نۆژەنکردنەوە و چاکسازیی لە بینای ناوەندەکەدا بەکاربهێنرێت.

سیروان عەبدولعەزیز، بەڕێوبەری ئامادەیی شەهید ئارام لە قەزای کەلار، دەڵێت: پارەی فرۆشگا تەنها بەشی پێداویستی ڕۆژانەمان دەکات، چونکە ئەو بڕە پارە زۆرە نیە بۆ نۆژەنکردنەوەی بینایەک تەرخانی بکەی، ئەگەرچی لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی هەر خەرج دەکەین بۆ خزمەتی بیناکە.

شێرکۆ ڕەفیق محەمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی زریانی بنەڕەتی لە ناحیەی ڕزگاری دەڵێت: «پارەی فرۆشگاکەمان تارادەیەکی کەمی بۆ نۆژەنکردنەوە سودمان لێبینیوە».

بەرپرسانی پەروەردەش جەخت لەوە دەکەنەوە کە داهاتی فرۆشگاکان سنوردارن و هەمویشی بۆ ناوەندەکان نیە.

عەدالەت لەتیف، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، وتی: بەپێی ئەو ڕێنماییانەی لە بەردەستن ٪٨٠ی بۆ ناوەندەکان خەرج دەکرێتەوە بەپێی ژمارەی فێرخواز، ٪٢٠یشی بۆ پەروەردەی قەزا دەگەڕێتەوە، لەو ڕێژەیەش ٪٦٠ی دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی گشتی «گەرمیان» و لە ئەنجامدانی خولی بەتواناکردنی مامۆستایان بەکاردەهێنرێت کە ٪٤٠ی دەگەڕێتەوە بۆ ئێمە و ئێمەش بۆ کڕینی پێداویستی ناوەندەکان خەرجی دەکەین.

بەڕێوبەری پەروەردەی کفری، باس لەوەدەکات ئەو داهاتە بەشی نۆژەنکردنەوە ناکات.

ئیسماعیل سەمین، وتی: پارەی فرۆشگا بەشی نۆژەنکردنەوە ناکات تەنها بەشی پیداویستیەکانی وەک پەڕاوگە و ئەنجامدانی چەند چالاکیەک دەکات، پێویستە حکومەت خۆی بودجە بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکات.

بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیانیش، هاوڕایە لەگەڵ ئەم بۆچونەدا.

دارا ئەحمەد سەمین، وتی: پارەی فرۆشگا پێشتر و ئێستاش هەر خەرج کراوە بۆ ناوەندەکان بەمەبەستی کڕینی پێداویستی و پەڕاوگە و هەندێکجاریش بۆ نۆژەنکردنەوەی ناوەندەکان لە ڕوی ئاوەڕۆ و شتی دیکەوە، بەڵام بەشی نۆژەنکردنەوەی تەواوەتی بیناکان ناکات.

## ٤. له غیابی پاڵپشتی حکومی وەبەرهێنەران بینا دروست دەکەن

له غیابی نەبونی هیچ پاڵپشتیەکی جیدیی حکومەت بۆ دروستکردنی بینـای ناوەندی خوێندن، له کەلار بینـای قوتابخانەیەک لەلایەن وەبەرهێنەرێکەوە دروسـت کراوە، ئەویـش لەبەرامبەر پرۆژەیەکی وەبەرهێنان دا.
ئەکرەم سـاڵح، سـەرۆکی شـارەوانی کـەلار، وتـی: لەلایەن ئەو کۆمپانیانەی کە کاری وەبەرهێنان دەکەن لە سنورەکە لە ئێستادا بینای قوتابخانەیەک لە گەڕەکی گۆران (گازینۆ) دروست دەکرێت. لەگـەڵ ئەوەشـدا سـەرۆکی شـارەوانی ئامـاژەی بەوەکـرد وەبەرهێنەرەکە پرۆژەکەی وەکو دەستپێشـخەرییەکی خێرخوازیی ئەنجام داوە و ئەوان ناتوانن «هیچ کۆمپانیایەک بۆ ئەو مەبەستە ناچار بکەین».



# بەشی دووەم: دەرەنجام و ڕاسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجام

- خراپی و کۆنی بینای ناوەندەکانی خوێندن، لە دیارترین کێشەکانی کەرتی پەروەردەن لە سنوری ئیدارەی گەرمیان دا، بە ڕادەیەک کەم ناوەند هەیە کە پێویستی بە نۆژەنکردنەوە و چاکسازیی بیناسازیی نەبێت.

- بەکۆی گشتی لە سنورەکەدا، لە کۆی (٣٠١) بینا، (٣٠١) بینای ناوەندی خوێندن پێویستی بە نۆژەنکردنەوە و چاکسازیی تێدا کردن هەیە، لەو ڕێژەیەشیان (٧٠) بینا زۆر زیاتر لەوانی تر نۆژەنکردنەوە و چاکسازیی دەوێت.

- بەوپێیەی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە هەرێم مەرکەزییە، هەربۆیە هەر هەنگاوێک بە ئاقاری دروستکردنی بینا و نۆژەنکردنەوەیان، دەبێت لەلایەن حکومەتەوە (ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی پەروەردە و دارایی) بڕیاری لێبدرێت، بەڵام هەنگاوەکانی حکومەت لە ئاست چارەسەری ئەم کێشەیەدا لە گەرمیان زۆر سست و لاوازە، بۆ ئەمەش قەیرانی دارایی وەکو پاساو ناوی دەهێنرێت.
هەرچی پەروەردەکانیشە دەسەڵات و توانای دارایی ئەنجامدانی پرۆژەی وەهایان نیە و بودجەی پێویستیان بۆ ئەو مەبەستە لەبەردەست نیە.
تاکە بودجەیەکیش کە ناوەندەکانی خوێندن دەستیان بکەوێت، پارەی "حانوت" فرۆشگای ناوەندەکانیانە، بەڵام هەم بڕەکەی ئەوتۆ نیە کە بە فریای کاری نۆژەنکردنەوە و چاکسازیی بنەڕەتی و گەورە لە بیناکان بکەوێت، هەمیش قوتابخانەکان دەسەڵاتی بەکارهێنانی هەمو ئەو داهاتەیان نیە و (٨٠٪)ی بەر ئەوان دەکەوێت.

- لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ دا، یەکەمەمان ڕاپۆرتێکی لەبارەی کێشەی بینا بە گشتی لە کەرتی پەروەردەدا لە ئیدارەی گەرمیان بڵاوکردەوە، لەو ساتەوە تا بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە، ئەو کێشەیە بەرەوپێشەوەچونێکی ئەوتۆی تێدا بەدی نەهاتوە، ئەگەرچی هەندێک هەوڵی نۆژەنکاریی کەم دراوە، بەڵام کێشەکە بەکۆی گشتی وەکو خۆی ماوەتەوە و بگرە لە هەندێک بڕگەش دا بەرەو خراپتر ڕۆشتوە.

- کۆنی و نەشیاوی بیناکان، لێکەوتەی زۆری هەیە لەسەر پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، چ لەروی کوالێتی خوێندن و چ لەسەر دەرونی فێرخوازان و مامۆستایانیش.

- بینای ناوەندەکانی خوێندن بە هۆی کۆنی و نۆژەن نەکردنەوەیان، بەدەست زۆر کەموکورتیی دیکەوە گیرۆدەن، لەنمونەی: نەبون و خراپی گۆڕەپان و یاریگا، نەبون و خراپی دەستشۆر و تەوالێتەکان، نەبون و کەمی باخچە و ڕوبەری سەوزایی و ...هتد.

- لەو ١٦ ملیار دینارەی کە ئەنجومەنی وەزیران بۆ بەگەڕخستنەوەی هەندێک پرۆژەی ڕاگیراو لە سنوری گەرمیان دیاریکرد، ١ ملیاری بۆ کەرتی پەروەردە دیاریکراوە، بەڵام وەک بەرپرسانی پەروەردە باسی لێوەدەکەن، تائێستا پارەکە خەرج نەکراوە و هەندێکیشیان باس لەوەدەکەن بەرچاویان ڕون نیە لەوبارەوە.

- بۆ نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان و دابینکردنی پێداویستیەکانیان، زۆرجار پەنا بۆ خێرخوازان و کەسانی خۆبەخش براوە، بەڵام ئەمانە سنوردارن، هاوکات وەبەرهێنەرێک بینای قوتابخانەیەک لە سنوری قەزای کەلار دروست دەکات لەپای پێدانی ڕەزامەندی بە ئەنجامدانی پرۆژەیەکی نیشتەجێبون.

## دوەم: راسپاردەکان

١. دۆخی بینای ناوەندەکانی خوێندن لە گەرمیان زۆر خراپ و نەگونجاون، ئەمەش گرفتی جۆراوجۆر بۆ پرۆسەی خوێندن و کوالێتیەکەی دروست کردوە. پێویست دەکات حکومەتی هەرێم لەم روەوە پلانی گونجاو و پێویست دابینێت و هەڵمەتی دروستکردن و نۆژەنکردنەوە و چاکسازیی لە بیناکان دەستپێبکات.

٢. پێویستە پەروەردەی گەرمیان روپێویەکی وردتری بیناکان بکات و پۆلێنی ئەو بینایانە بکات کە زۆرتر پێویستییان بە نۆژەنکردنەوە هەیە، لەسەر ئەو بنەمایەش بەرنامە بۆ نۆژەنکردنەوەیان دابنێت بەپشت بەستن بە هەر بودجەیەک کە بەردەست دەبێت بۆ کەرتی پەروەردە و ساڵانە هەندێک لەو ناوەندانە نۆژەن بکاتەوە.

٣. ئەوەی تێبینی دەکرێت لەو بودجانەی کە حکومەت تەرخانی دەکات بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، بەرێژەیەکی کەم بەر کەرتی پەروەردە دەکەون، لەکاتێکدا گرنگیی ئەم کەرتە لە پێش کەرتەکانی دیکەوەیە، بۆیە پێویستە بۆ داهاتو ئەم تێڕوانینە بگۆڕێت و گرنگی زیاتر بەم کەرتە بدرێت لە بەرکەوتەی بودجە دا.

٤. لە قەزای کەلار زۆرجار لەبەرامبەر پێدانی زەوی بە پرۆژەی وەبەرهێنان، وەبەرهێنەران وەکو دەستپێشخەریی هەڵدەستن بە ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی جیاواز، بەڵام بەزۆری ئەو پرۆژانە لە بواری شارەوانی و خزمەتگوزاریی رێگاوبانن، دەبێت لەو روەوە پلانێک هەبێت و هەمو ئەو پرۆژانە تەنها لە یەک بواردا قەتیس نەبن و بواری پەروەردەش گرنگیی پێبدرێت و بەشێکی ئەو پرۆژانە لەو بوارەدا بن.

٥. بونی دەستپێشخەریی کۆمەڵگەیی لە نمونەی هاوکاریکردنی خێرخوازان و خۆبەخشان زۆر گرنگ و پێویستە، بەڵام پێویست دەکات ئەم بوارە رێکبخرێتەوە و خودی پەروەردەکان سەرپەرشتی ئەم پرۆسەیە بکەن و کۆمەک و پارەی گونجاو بۆ نۆژەنکردنەوەی ناوەندەکان کۆ بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانن هەڵمەت و کۆنفرانس و کۆبونەوەی فراوان ئەنجام بدەن بە بەشداریی سەرمایەدار و بازرگان و کەسانی خێرخواز و خۆبەخش.

٦. پێداچونەوەیەک بکرێت بەو داهاتانەی کە ناوەندەکان دەستیان دەکەوێت لە بەکرێدانی فرۆشگاکانیانەوە، ئەویش بە دۆزینەوەی ئالیەتێکی گونجاو بۆ بەکارهێنانی ئەو داهاتە لە نۆژەنکردنەوەی ناوەندەکان دا لە نمونەی کۆکردنەوەی داهاتی چەند ناوەندێک پێکەوە و بەکارهێنانی بۆ نۆژەنکردنەوەی یەک ناوەندیان بە نۆرە و بەپێی پێو یستیی .

لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە

یەکەیەکـی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشـتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیـان ئەنجـام دەدات بەمەبەسـتی پـەرەدان بەکارەکانیان و هەروەهـا بـرەودان بە پرۆسـەی چاودێرییکردن و شـەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسـەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

* ئامانجی یەکە
١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
٢. دروسـتکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروسـتکردنی فشـار بـۆ ئەنجامدانی پـرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشـەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. ئەحمەد حەمید
٢. زریان محەمەد
٣. سروە کەریم

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦ - ٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net